



# لاپتۆپێک هەتا ٣٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت

کۆمپانیای Dell کە لە بواری بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر و ئامێرە دیجیتالیەکاندا چالاکی هەیە، ناوێکی نامۆ نییە و پێشینەییەکی لەمێژینەی لەو بوارەدا هەیە.

نوێترین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو لاپتۆپی جۆری Dell Latitude 9510ە کە بە دوو مۆدێلی ١٥ ئینجی و ١٤ ئینجی بەرهەم هاتووە. بارستایی شاشەکەی تەنیا ١٧ ملم دەبێ.

جیاوازییەکی بەرچاوی لاپتۆپەکە لەوەدایە کە سیستەمی مۆدێمی 5G لەسەرە. پرۆسیسەرەکەی لە نەوەی دەیەمی ئەنتەلە و کە ٤ ناوەکی و ٦ ناوەکییە. کارتی گرافیکی لە جۆری UHDیە و رامەکەی ١٦ گیگابایتە. هاردەکەی لە جۆری SSDیە و یەك ترابایتە. کامێرایەکی شەوی لەگەڵدایە واتە کامێرای سەرووی تیشکی سوور. هەروەها سیستەمی پەنجەمۆری هەیە.

## هێدسێتی واقیعی- مەجازی بە کوالیتی 8K

هێدستی واقیعی- مەجازی (Headset) ئەو ئامێرەیە کە چەندین ساڵە بەرهەم هاتووەو وەك چاویلکەیەکی زەبەلاح لە چاو دەکرێت یان راستەوخۆ یا لە رێگای مۆبایلەوە فیلم نیشان دەدرێت، بەکارهێنەر وا هەست دەکات لەناو فیلمەکە دایە و چونکە سێ دەورەییە..

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای pimax هێدستێکی واقیعی- مەجازی بەرهەم هێنا کە کوالیتی نشاندانەکەی 8Kیە. هێدستەکە لە رایتیدا لە دوو شاشەی K4 پێکهاتووە و کە لە گۆشە نیگای ٢٠٠ پلەوە دیمەنەکان نیشان دەدا.

یەکێك لە خاڵە بەرچاوەکانی هێدستەکە ئەوەیە کە دەکرێت دەقەکان هەر لە خودی چاویلکەکەوە بخوێنەوە، هێدستەکانی دیکە ئەو توانایان نییە. هێدستەکە راستەوخۆ فیلمەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە وەردەگرێ، یان دەکرێ فلاش میمۆری یا کارت میمۆری بۆ دابندرێ. کارتی گرافیکی زۆر بەهێزی لەسەرە.





## چاویلکەی واقیعی – مەج

چاویلکەی واقیعی – مەجازی جیاوازیی هەیە لەگەڵ (هێدستی- واقیعی مەجازی). ئەوەیان ئامێرێکی نوێیەوە هەردوو چاوەکانی شاشەی تایبەتیان هەیە.

یەکەم چاویلکەی واقیعی- مەجازی لەلایەن پاناسۆنیکەوە بەرهەم هاتووە و لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خرایە روو.



# تەکسی فڕۆک بەرهەمی نوێی هیوندا و ئۆبێر

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا دوو مەزنە کۆمپانیای بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژیای نوێ، (ئۆبێر) و (هیوندا) تەکسیەکی فڕۆکیان نیشاندا کە بەرهەمی هاوبەشیان بوو.

ئەم تاکسیە کە بە جۆری S-A1 ناسراوە تەواو ئەلکترۆنییە و پێویستی بە وزەی سووتەمەنی نییە. جیاوازی هەیە لەگەڵ فڕۆکە چونکە بەشێوەیی ستوونی دەتوانێ لە زەوی بەرز بێتەوە و هەر بەوشێوەیەش بێتە خوارەوە. تەکسییەکە شوێنی چوارکەسی هەیە و رێك وەك ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی.

خێرایی تاکسیە فڕۆکەکە ٢٩٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێك دایە. هەرچەندە ئێستا فڕۆکەوانی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لەداهاتوودا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەر بڕیاریان داوە بەبێ فڕۆکەوان بەرهەمی بێنن.

# راوتەرێک بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێتی خێرا

ئامێری راوتەر بۆ گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێتە، لە پێشانگای ساڵانەی CESدا چەندین ئامێری راوتەر و هۆتسپۆت و ئامێری دیکەی تایبەت بە گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێت نیشان دران.

راوتەری جۆری Sila 5G کە شەحن دەبێتەوە و لە وای-فای٦ سوود وەردەگرێ. ئەم ئامێرە بۆ گەیمەرەکان بەرهەم هاتووە.

راوتەرەکە بەرهەمی کۆمپانیای رێزەرە. راوتەرەکە وایەرلەیسە و هەرچەندە شوێنی دانانی کێبڵیشی هەیە. تایبەتمەندییەك لەو رۆتەرەدا هەیە کە دەتوانێ لە نێوان چەند ئامێردا کە هاوکات سوود لە راوتەرەکە وەردەگرن، یەکێکیان وەك خاڵی گرنگ و دەستپێك دەستنیشان بکرێ.

راوتەرەکە ئەپلکەیشینی تایبەت بە مۆبایلی هەیە و دەکرێت لە رێگای مۆبایلەوە رێکخستنی بۆ بکرێت.





# ـــازی ئامێرێک بۆ ئاینده

چاویلکەکە لە ڤیدیۆی HDR پشتیوانی دەکا و ئەوەش وا دەردەکا کە کوالیتیەکەی بەهێزە. بەکارهێنەر بەراستی هەست بەوەدەکات لەناو خودی دیمەنەکانی ناو فیلمەکە دایە.

بۆ نموونە پاناسۆنیك لەو چاویلکەیەکدا دیمەنی پەرستگەیەکی ژاپۆنی نیشاندا، بەکارهێنەران وایان هەست پێدەکەن لەناو خودی پەرستگەکەدان.





## فلاش میمۆری و

ئەوانەی شارەزای بواری تەکنەلۆژیای نوێن، دەزانن کۆمپانیای Western Digital کە بە کورتکراوەی دوو پیتی (WD) ناسراوە و کۆمپانیایەکی ئەمەریکایەیە، لە بواری بەرهەمهێنانی هارد و فلاش و SSD بە کورتی ئەو ئامێرانەی بۆ هەڵگرتنی داتاکان دەگونجێن ناوێکی ناسراوە.

کۆمپانیای ناوبراو لەو ماوەیەدا چەند ئامێرێکی هەڵگرتنی داتای بەرهەمهێنا کە لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خستیەڕوو.

یەکێك لەو ئامێرانە SSDیەکی ٨ ترابایتی بوو و



## تەبلێتێکی تایبەت بە نابینایان

تەکنەلۆژیای نوێ هەر بۆ مرۆڤە ساغ و تەندروستییەکان نییە، بەڵکو مرۆڤە کەم ئەندامەکانیش سوودێکی زۆریان لێوەرگرتووە، چ ئەوانەی نابیستن، یا ئەوانەی نابینان و تەنانەت پەککەوتەکانیش.


لە پێشانگای ساڵانەی CES دا تەبلێتێکی نوێ لەلایەن PCT یەوە بەناوی Tactile Pro Braille خرایەڕوو کە تایبەت بوو بەنابینایان.

تەبلێتێکە پێکهاتبوو لە شاشەیەکی تایبەت کە نووسراوە و وێنەکانی بە شێوەی (برێل) کە خەتێکی تایبەتی نابینایانە و بەرجەستەیە و دەستی لێدەدرێ نیشان دەدا. هەروەها کیبۆردێکی تایبەتی نابینایانیشی لەسەرە.

بەهۆی تەبلێتەکەوە بەکارهێنەرانی نابینا دەتوانن وەك مرۆڤێکی ئاسایی زانیاریان دەست بکەوێ.

تەبلێتەکە چەندین زمانی تێدایە و هەموو زمانەکان بۆ خەتی برێل وەردەگێڕێ.

بەکارهێنەرەکەشی دەتوانێت بە خەتی برێل بنووسی و تەبلێتەکە بۆ سەر زمانی مەبەست و خەتێکی ئاسایی وەریبگێڕێ.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت بە چ ڕێگایەك بزانم کە مۆبایلەکەم لە ژێر چاودێری کەسانی دیکە دایە و هەککەرەکان دزەیان کردۆتە ناو مۆبایلەکەم؟**

خوێنەری بەڕێز شێوازەکانی هەکك کردن چ بۆ مۆبایل یا کۆمپیوتەر ئەگەر پەسۆردێکی بەهێزت دانەنابێ زۆر ئاسانە. پەندێکی کوردی دەڵێت (ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە) تۆش مۆبایلەکەت کە هەڵگری داتا زۆر شەخسیەکانتانە مەدە دەست ئەو کەسانەی کە جێگای بڕوا نین.

ئەگەر هەستت بەوە کرد، مۆبایلەکەت پرۆگرامی نامۆی لەسەرە کە خۆت داتنەناوە، یا زۆر زوو گەرم دادێت، یا لە خۆڕا کورتەپەیام و پەیوەندیت بۆ دێ، یا هەر لەخۆوە گەرم دادێ، یا بەبێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هێڵەکەت لەخۆوە تەواو دەبێ...تاد. ئەمانە هۆکارو هێمان بۆ ئەوەی کە مۆبایلەکەت لە ژێر چاودێری دایە و ئاگاداری هەموو راز و نیازەکانتن.

## پرۆگرامێک بۆ دەستکاری کردن

پرۆگرامەکانی دەستکاری و مۆنتاژکردنی فیلم ئەوەندە زۆرن لە ژمار نایەن. پرۆگرامی Power-Director یەکێکە لەو پرۆگرامانە. گەر لە ریزی یەکەمەکانیش دا نەبێ، بە پرۆگرامێکی سەرکەتووی ئەو بوارە دادەنرێ.

گەر کاری پیشەییتان دەستکاری کردنی فیلم نییە و تەنیا لە ماڵەوە دەتانەوێ هەندێك گۆڕانکاری بکەن و پێویستتان بە ئێفکتی جۆراوجۆر نییە. ئەو پرۆگرامە زۆر گونجاوە.

بۆ سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکە ئەوەندە بەسە کە فیلم و وێنە و فایلە دەنگییەکانی خۆتان بخەیە ناو پرۆگرامەکە و بەهۆی ئەو ئامرازە ساکارانەی لەبەردەستدان دەست بکەی بە دەستکاری و ڕێکخستنی فیلمەکە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- دروستکردنی سلایدشۆ و ئەلبۆمی وێنە هاوکات لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانی.
- هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ میکس و مۆنتاژی فیلم پێویستن لە پرۆگرامەکەدا هەیە.

# SSD خێرا و کارا




لە USB 3.2 سوودی وەردەگرت.

یەکێکی دیکە لەو ئامێرانە فلاش میمۆری Ultra Dual Drive Luxe بوو. فلاش میمۆرییەك کە جیاوازە لە هەموو ئەو فلاش میمۆریانەی تا ئێستا بەرهەم هاتوون هەم لە خێراییدا و هەم لە قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان.

قەوارەی فلاش میمۆرییەکە یەك ترابایتە و دوو جۆری لێبەرهەم هاتووە. یەکێك بۆ لاپتۆپ و ئەوەی دیکە بۆ مۆبایل.



## ماڵپەڕێک لە بارەی فیلم و سینەماوە

ئەگەر تۆ یەکێك بی لەو کەسانەی ئۆگری سەیرکردنی فیلمی سینەمایی، بێگومان ماڵپەڕی /www.imdb.com لە ریزی ماڵپەڕە باشەکانی ئەم بوارە دێت. لەو ماڵپەڕەدا زانیاری سەبارەت بە هەموو فیلمە سینەماییەکانی جیهان هەیە. خودی ماڵپەڕەکە بە بانکی زانیاری فیلمی سینەمایی ناسراوە. لە ماڵپەڕەکەدا دەتوانی خاڵی باش بدەی بە فیلمەکان و هەروەها سەیری ئەو ئیمتیازانە بکەی کە کەسانی دیکە بە فیلمەکانی داون.

دەتوانی بە دوای فیلمی مەبەستی خۆت دا بگەڕێی، چونکە لیستی هەموو جۆرە فیلمێکی تێدایە. تەنانەت دەتوانی بیوگرافی ئەکتەرێك و گشت ئەو فیلمانەی تێیدا رۆڵی بینیوە ببینی.

# هۆت سپۆت و ئینتەرنێتی 5G

هۆت سپۆت (hotspot) بە سیستەمی هاوبەشی کردنی هێڵی ئینتەرنێت لە مۆبایل و سیمکارتەوە بۆ بەکارهێنەران دەگوترێ. ئەگەر بۆ ساڵانی زوو بگەڕێینەوە دەبینین، ئینتەرنێت تەنیا بەهۆی سیستەمی وایەرەوە دەگوازرایەوە و پاشان سیستەمی بێ وایەریش هاتە گۆڕێ و لەسەرەتا مۆبایلەکان تەنیا هێڵی ئینتەرنێتیان وەردەگرت، ئێستا ئەوانیش دەتوانن هێڵی ئینتەرنێت ببەخشنەوە.

ئامێری سەربەخۆی (hotspot)یش هەیە، لە کوردستاندا وەك ئامێرەکانی (فاست لینك، تیشك نێت و نەورۆز و...)

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کۆمپانیای Net- gear ، نوێترین هۆتسپۆتی خۆی بەناوی Night- hawk M5 خستەڕوو، ئەو هۆتسپۆتە دەتوانێت هێڵی ئینتەرنێت مۆبایلی 5G لە رێگای وای-فای ٦ەوە بکاتە هاوبەش.

ئەم ئامێرە بۆ گەشت و گەڕان و ئەوکاتانەی کارەبا نییە زۆر گونجاوە. خێراییەکەی دەگاتە ٤ گیگابایت لە چرکەیەکدا.

جگە لەوەی هۆتسپۆتەکە پشتیوانی لە سیستەمی وای-فای ٦ دەکا، شوێنێکی دانانی کێبڵی (ئەتەرنێت Ethernet)یشی هەیە بۆ کۆمپیوتەرە دیسکتۆپەکان.

چۆنییەتی رێکخستنی هۆتسپۆتی ناوبراو لەسەر شاشەیەکی لەمسی کە لە پێشەوەی ئامێرەکەدا هەیە نیشان دەدرێ.







## ی فیلم

- توانای دابەزاندنی فیلم و وێنە لە کۆمپیوتەر و کامێرادا.
- پشتیوانی کردن لە گشت فۆرماتەکانی دەنگ و رەنگ.
- پاشکەوت کردنی فیلم بە کوالیتیەکی بەرز
- سەدان ئیفکتی دەنگی تێدایە بۆ ئەوەی لەسەر فیلمەکان دایبنێی.
- دروستکردنی فیلمی DVD.
- دانانی ژێرنووس لەسەر فیلم.